کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-6-2007 1:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کولتووری ئێمە و نەوەی نوێ... ڕەوەز دەرگەڵەیی

بەریتانیا

ئەگەر پیرۆزی کەلتوری خۆمان بەراورد بکەین لە گەڵ چەند شتێک کە دوورن لە ڕابردووی میللەتی ئێمە و خۆشەویستی بەرامبەر یەکتری و دوورن لە بەها مرۆڤایەتیەکان، پابەندنەبوونی یاساش لەلایەکی تر،



میللەتی ئێمە وەك یەکێك لە خاڵە جیاوازیەکان لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەر و دونیا بە گشتی هەمیشە بە میللەتێکی چەوساوە و بێ ماڵ و خۆشی نەدیو وەسفکراوە، بە یەکێك لەو نەتەوانەی کە تا ئێستا کەلتوری ڕەسەنی خۆمان زاڵە بە سەر جموجۆڵە سەردەمیە مۆدێرنەکان و مۆڵکی ڕەسەنی کوردایەتیمان پێوە دیارە لە هەرشوێنێکی دونیا بین. ئەگەر زۆر لە باسەکە نەچینە دەرەوە نەوەی ئەمرۆ بەهای هەندێ شت نازانێ، هەندێ شتی لە بەر دەستە نازانێ بەهای چەندە؟ چونکە پێیەوە ماندوو نەبووە و ئامادە نیە سەری خۆی پێوە بێشێنێ، نازانێ چۆن دروستکراوە یان چۆن بەرهەم دێ لە کاتێك دا کە میللەتان لە بەرزترین ئاستی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنن. زۆر بە داخەوە نەوەی ئەمرۆ بە هەندێ شت ئەنازێ کە لە وولاتە بێ خۆراکەکانیش خەریکە خەڵك بەهای بۆ دانانێ. ئەگەر ڕابردووی ئێمە هێندە موسوڵمان و هێندە مرۆڤی دڵنەرم و بە ڕەحم و بەزەیی بوون! کوا ئەم سیفەتانە لە نەوەی ئەمرۆ بەدی دەکرێن؟؟؟ لە شوێنی ئەوەی کە پیرۆزی خاك و نەتەوەی خۆمان بپارێزین بەس ناوی نەتەوەمان مابوو لە بیرمانچێتەوە، وا ئێستا لە هەندەران خەریکە ئەویش دەگۆرین (جا یەکێك خۆی بە دێوانەی گۆرانیبێژە فارسەکان ناوزەند کردووە و یەکێك هەندێ ووشەی ئیتاڵی فێربووە و نازی پێ دەکا ئەوی تریان گاڵتە بە بوونی کورد دەکا ... ... ... .. هتد) .

ئەوەی کە مەبەستمە تیشکی بخەمە سەر، میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە وولاتانی خۆیان لەوانەیە تارادەیەك گرفتی ناوخۆیی و گرفتی جۆراوجۆریان هەبێ، لەوانەیە لە چوارچێوەی چەند داب و نەریتێکدا بسورێنەوە کە نەتوانن لێی دەربچن، بەڵام زۆر لە نەتەوەکان کە بۆ ماوەیەك لە ئەوروپا یان لە وولاتە پێشکەوتووەکانی جیهان ژیان بە سەر ئەبەن توانایەك پەیدا دەکەن کە حەزی داهێنان و جیابوونەوەیە لەم داب و نەریتانەی کە پێیانەوە ناڵاندووە، جا لێرەدا پرسیار ئەوەیە تا چەند گەنجانی ئێمە لە وولاتانی ئەوروپا و وولاتانی تری جیهان ئەمەیان کردووە؟

لە وەڵام دا زۆر بە داخەوە نەوەی نوێ لە ئەوروپاش بۆ هەڕەشە و شەڕ و پێك دادان هەر نەوەی جارانە و هیچ سیمایەکی نوێخواز و پێشکەوتنی پێوە دیارنیە لە شوێن ئەوەی کە دەستی برایەتی و هەستی نیشتیمانپەروەری زاڵ بێت بەسەری، نوکی چەقۆ بە بەرزترین پلەی مەردایەتی دادەنێ کە بیخان بە جەستەی کەسی بەرامبەر، شایەنی باسە کە ئەمرۆ کورە گەنجێکی کورد گیانی لە دەستداوە کە لەلایەن سێ کەسی تری کوردەوە بەرچەقۆ کەوتبوو دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا، لە سەر کچێکی ئینگلیز.

دیاریدەی چەقۆش دیاریدەیەکی تری مەترسیدار و ترسناکە کە وەك خولیایەك سەری هەڵداوە لە نێو نەوەی نوێ جا لە کوردستان بێ یان لە ئەوروپا. شایەنی باسە کە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو چەندین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-6-2007 1:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

حاڵەتی ڕووداوی چەقۆ هەبووە لە شارەکانی بەریتانیا ئێستاش پۆلیس بە دوای چەندین گەنجی کورد دا دەگەڕێ و تا بە سزای خۆیان بگەیەنێ.

بە هۆی ژیانم لە وولاتی بەریتانیا کە بە وولاتێکی مەڵتی ناشناڵ ناسراوە لە سەر ئاستی جیهان، هەلسوکەوتی زۆر تاکی میللەتانی جیهانم بەرچاو کەوت، بە هۆی خوێندنم ئاشنای زۆر خوێندکار و قوتابی میللەتانی جیهان بووم کەم میللەت وەکو میللەتی خۆمان هێندە زوو تورە ئەبێ! کەم میللەت وەکو میللەتەکەی خۆمان بێ توانایە لە چاوەڕێ. لە پۆلێکدا دادەنیشم کە زیاتر لە دە نەتەوەی جیاوازی تیایە تەنها خوێندکار و قوتابی کورد ئەبێ زوو تورەبێ و لەگەڵ ماموستا ئەملا و ئیملا بکات شایەنی باسە کە یەکێك لە ماموستایەکان تەنها لە سەر خاتری کوردێك لە پۆلدا وازی لە کارەکەی هێنا. بۆ؟؟؟؟؟
زۆر شت بەرچاوە و بەڵگەی پێناوێ کە لە وولاتی خۆمان بەدی دەکرێ لە شوێنەکانی تر نا، هەندێ شت لە وولاتانی تر هەس لە وولاتی ئێمە بە دی ناکرێ.
ڕۆژێك بە هۆی ڕوداوێك لە سەر جادە پۆلیسی شارەکەم هەندێ شتی لێ پرسیم لە سەر چۆنیەتی ڕوودان و کات و... هتد لە دوای تەواوبوونی بەدواداچوونی ڕوداوەکە ئەتوانم شتێ بپرسم؟ ووتی فەرموو: ووتم کام لە میللەتان زۆرترین گیراویان هەیە لە بەندیخانەکانی ئەم وولاتە؟ لە وەڵامدا ووتی لە دوای ڕەش پێستەکان بە گشتی و ئەلبانیەکان، کورد لە زۆربەی میللەتانی تر گیراون لە سەر کاری هەڵە (ئۆتۆمۆبێل لێخورین بەبێ مۆڵەت و کە حاڵەت هەیە بەندکردنەوە لە دوای دوو جار سزادان، چەقۆ لێدان لە کاتی شەڕ، ئازاوە نانەوە لە پەب و دیسکۆکان لە سەر کچی بیانی، سێکس لەگەڵ منالی **ئەندەر ئێیج** واتە منالی ژێر شانزە ساڵ و هەندێ جاریش لەگەڵ ئازەلان ... .. هتد) بەڕاستی شانازم بە مێژووی ئازادی خوازی گەلەکەم بە ڕەنج و قوربانی هەر تاکێکی نەتەوەکەم بەلام ئەوەی کە دروستیش کراوە خەریکە نەوەی نوێ ئالای شەرمەزاری لە سەر هەڵ ئەدا.

بەڕاستی شەرمە توانامان نیە کە مامەڵە لەگەڵ کەسێکی لە خۆشمان ڕۆشنبیرتر بکەین! بەڕاستی شەرمە توانای ئەوەمان نیە لە وولاتی خۆشمان لە سەر خاکی خۆشمان دوو دەقە لە ترافیك بوەستین ئەگەر پۆلیس نەبێ حەز بەوە ئەکەین کە لە سوور بڕۆین لە سەوز بگەینەوە ماڵەوە! بەڕاستی شەرمە شانازی بە هەندێ شت ئەکەین کە جیهان جێی هێشتووە (مۆبایل، جگەرە، مەشرووب خواردنەوە لە سەیرانگاکان و جولانەوەی سەیر سەیر، سەیارە و تەناش، چەقۆ هەڵگرتن، پابەند نەبوونی یاسا بە گشتی) . هەموو ئەمانەی و چەندین کاری تری هاوشێوە فاکتەری بەهێزن بۆ دیپۆرتەیشن و وەلام نەدانەوەی حکومەت (اقامە) لە وولاتە ئەوروپیەکان، لە سەرووی هەمووشیان بەندکردنی گەنجانی کورد بۆ ماوەی درێژخایەن و بێ بەشبوونیان لە گەڕانەوە بۆ نیشتیمان و هەندێ جاریش لە سەر کوشتنی خەڵك بەندکردنی هەتاهەتایە ئەبێ بە سزایان.
جا بۆیە هیوادارم کە هەموو دایك و باوکێك زیاتر منالەکانیان بە شێوەیەکی سەردەمی پەروەردە بکەن بۆ ئەوەی وەکو ئەمانەی کە باسمانکردن نەبنەوە بە دڕك لە پێی کەسانێکی خاوەن خەبات و تێکۆشان بچنەوە، تا منالەکانمان وەکو هەندێك لە ئێمە پەروەردە نەکرێن کە بێ توانا بن لە مامەڵە و فێربوونی زمانی لێکتێگەیشتن لەگەڵ میللەتانی تر.

rawaz_faris@hotmail. co. uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.